# بۆچی یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوە داخرا؟


بۆچی یانە ی رۆشنبیری شە قلاوە داخرا؟

بیستمان کە یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوە داخراوە، بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەکە و زانیاری زیاتر رومان کردە شەقڵاوە و لە دانیشتنیکدا ئەم بەریزانە لە ئەندامانی یانەکە: هەندرێن حەمەدەمین.سامان عەزیز. محمد سلیمان. ماموستا زیاد محمد. ماموستا مزەفەر محمود. یوسف مستەفا و ماموستا ئازا عەبدولا باسی دامەزراندنی یانەکە و چالاکیەکانی و ئەو کیشمەکیشەیان کرد کە داخستنی یانەکەی بەدوادا هات:



**ئامادەکردنی: ئاسۆ**

لە ئاکامی تێکچونی کتیبخانەی گشتی شەقڵاوەلە دوای راپەرین بۆشایەکی فرەوان لە بواری رۆشەنبیری ئەم شارەدا دروست بوو. ئەمەش وای کرد کە ئیمە ٢٩ رۆشەنبیری خەمخۆر بیر لە دروستکردنی یانەیەکی رۆشەنبیری بکەینەوە. ئیتر ئەوە بوو پاش هەوڵدانیکی زۆر لە ٢٣ی ١١ی ١٩٩١ دامەزراندنی یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوەمان جاڕدا و بەرەی کوردستانیش مۆڵەتی رسمی پێ بەخشین و دوو ژووری بینایەی کتیبخانەی شەقڵاوەی بۆ دەستنیشان کردین، جگە لەوەی ١٥٠٠ دینار یارمەتی و مۆرێکی رسمیشی کردە دیاری بۆ یانەکەمان.
لەسەر ئەم بنچینەیە و بە ئامادەبوونی نزیکەی ٥٠ تا ٦٠ ئەندام لیژنەیەکی کاتی بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی یانە هەڵبژێردرا و ئەم کارانەی پێسپێردرا.
دامەزراندنی کتێبخانەیەک بە دوو هەزار کتێبەوە لەو کتێبانەی ئەندامان و خەڵکی رۆشەنبیری دیکە بە ئەمانەت هێنایان بۆ یانەکە.
دارشتنی خشتەی ئێشکگری بۆ ئەندامانی یانە، بەمەبەستی بەردەوامی کردنەوەی دەرگای یانە بۆ هەموو خوێنەر و رۆشەنبیرێک و دارشتنی بەرنامەیەک بۆ گرتنی کۆر و سیمینار ی رۆشەنبیری کە ئەنجامەکەی کردنەوەی خولی فێرکردنی شەترەنج و نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی و خولی بەهێزکردنی قوتابیان و ئەنجامدانی پێشبرکێی فکری و زانستی و دامەزراندنی تیپێکی شانۆ بوو کە زیاتر لە ١٠ بەرهەمی هونەری پێشکەشکرد.
جێگای داخە کە یانە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، لەلایەن هەندێک کەس و لایەنەوە هەر جارەی بە پاشکۆیەتی لایەنێکی سیاسی تاوانبار دەکرا.
لەکاتێکدا هەموو ئەو بیروباوەرە جیاوازانەی بەخۆوە گرتبوو کە مەبەستمان بەرەوپێشچونی رۆشەنبیری

شارەکە بوو.
ئەو کەسانەش کە بە مەبەستی تایبەت ئەهاتنە ناو یانەوە و دەیانویست بەلایەکدا ببیەن هەولوکانیان لە بەرانبەر خواستی سەربەخۆیی یانە پووچەڵ دەبووەوە و دووجاری کەنارگیری دەبوون و ناجار ڕێگای چوونە دەرەوەیان هەڵئەبژارد.
یانە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە ٢٠ی ٧ی ١٩٩٢ بە نووسراوێکی رسمی داوای لە وزەراتی رۆشەنبیری کرد کە مۆڵەتی پێببەخشێ، بەڵام وزارەت لە وڵامدا پێی راگەیاندین کە دەبێ تا دەرچوونی یاسای حیزب و رێکخراوەکان چاوەڕوان بین.
لە ڕێکەوتی ١١ی ٨ی ١٩٩٣ دا یانە بە بەشداربوونی ٣٥ ئەندام کۆنفرانسی یەکەمی خۆی بەست و بەرنامە و پەیڕەوی ناوەخۆی پەسندکرد. دوای ئەوە جارێکی دیکە لە مانگی ١١ی هەمان ساڵدا دووبارە بە نووسراوێک داوای مۆڵەتی رەسمیمان لە وەزارەت کرد، بەڵام لەبەر سەریساڵ ئەویش دواخرا.
لە ٢٠ی ٢ی ١٩٩٤ جارێکیتر هەوڵماندا مۆڵەت وەربگرین، بەڵام وڵامی وەزارەت دواکەوت و شەڕی ناوەخۆی بەسەرداهات.
لە دوای هێور بوونەوەی دۆخەکە لە مانگی ١١ی ١٩٩٤ نووسراوێکی دیکەمان پێشکەش بە وەزارەت کرد کە ئەمجارەیان نووسراوەکەی ئێمە و هەموو کەلوپەلی وەزارەتەکەش تیاچوو.
کاتێکیش ناوچەکانی دەسەلات و دەزگا حکومیەکان بە (کردەوە) بوون بە دوو بەشەوە قایمقامی شەقلاوە ئاگاداری کردینەوە کە دەبێ شوێنەکەمان واتە بینایەی کتێبخانە چۆل بکەین.
لە دانیشتنێک لەگەڵ قایمقام و وەزارەت رونمان کردەوە کە، ئەم شوێنە لە سەرەتا بەرەی کوردستانی بۆ یانەی تەرخان کردوە و یانە نەک هەر لەبەردەم کردنەوەی کتێبخانە رێگر نەبووە بەلکو ئیشەکانی ئەویشی جێبەجێ کردوە.
سەرەڕای ئەمانەش ئەو دوو ژوورەی بە یانە دراوە لەکاتی رژێمیشدا بۆ کاری کتێبخانە نەبووە، بەلکو بۆ کۆبوونەوەی (مجلس الشعب) و بەعسیەکان تەرخان کراوە.
یانە بووجەیەکی نەبوو شوێنێک بەکرێ بگرێ بۆیە دەرکردنی لەو شوێنە بەمانای داخستنی بوو. لە ئەنجامدا ژوورێکی دیکەیان دابەئێمە و دوو ژوورەکەی ئێمەیان دا بە مەڵبەندی رۆشەنبیری و بزافی رۆشەنبیرانی نوێخواز کە ئەمەی دووەمیان وەکو ئێمە رێکخراوێکی غیرە حکومیە.
لە سەرەتای مانگی ٢ی ١٩٩٥ یشدا ئاسایشی شەقلاوە ئاگاداری کردینەوە کە دەبێت بەپێی بڕیاری کوتلەی وزاری کە بریتیە لە چۆڵ کردنی بینایە حکومیەکان، بینایەی کتێبخانە چۆڵ بکەین، کە بۆ چارەسەرێک سەردانی بەڕێز بارزانی مەلا خالید بریکاری وزارەتی رۆشەنبیریمان کرد و پێی راگەیاندین کە ئەمە بڕیاری کوتلەی وزاریەوە بە هیچ شێوەیەک دەسکاری ناکرێ و دەبێ بزاڤی رۆشەنبیرانیش شوێنی خۆیان چۆڵ بکەن، بەڵام ئامادەیی خۆی دەربڕی کە مانگانە لە بودجەی وزارەت ٥٠٠ دینار کرێی خانومان بۆ بدات، ئێمەش میوانخانەی ئەورۆزمان مانگانە بە هەزار دینار بەکرێ گرت کە توانیمان کرێی مانگی یەکەم بەبێ یارمەتیەکەی وزارەت لە پسولەی کتێب خواستن و ئابونەی ئەندامان و یارمەتی رۆشەنبیران دابین بکەین، چالاکیەکانیشمان لە جاران باشتر بوو و بەردەوام بو، هەر لەو ماوەیەشدا ژمارەی کتێبخوازەکان ٥٠% زیادی کرد و ژمارەی کتێبەکان جگە لە بڵاوکراوە ناوبەناوەکان ٤ هەزار تێپەڕی. لەم ماوەیەدا وەرزێکی رۆشەنبیری ١٠ رۆژیمان کردەوە کە چالاکی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتبوو کە بەداخەوە لە یەکەم رۆژی کردنەوەیدا لە ئاسایشەوە بانگ کراین و داوای لیستێکیان لێکردین کە ناوی گشت ئەندامان و زانیاری تەواوی دەربارەیان تێدابێت و پێشیان راگەیاندین کە دەبێ بەر لە ئەنجامدانی هەر چالاکیەک بەرنامەکانیان پیشان بدەین، هەر چەندە کە ئەمەش مافی ئاسایش نەبوو، بەڵام ئێمە داواکاریەکانمان جێبەجێ کرد.

پاش چەند رۆژێک دووبارە لە ئاسایشەوە بانگ کراینەوە و پێیان راگەیاندین کە بە بڕیاری قائمقام یانە دادەخرێت، هەمان رۆژ داواکاری مۆڵەتمان لەگەڵ خۆماندا برد و سەردانی قائیمقاممان کرد، بەڵام پێی گووتین (( یانە لەگەڵ ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان گیروگرفتی هەیە، لە ناوچەوە وەرەقەیەکی رەسمی بۆ بهێنن تا داواکاریەکەتان ئیمزا بکەم)) ئێمەش سەردانی ناوچەمان کرد و لەگەڵ بەرپرس و ئەندامان بەرەسمی کۆبووینەوە و هەردوو لا دووپاتمان کردەوە کە هیچ گیروگرفتێک لە نێواندا نیە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستین، هەواڵی ئەم سەردانەش لە هەردوو رادیۆی شەقڵاوە و دەنگی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە، دووبارە بە دڵێکی پڕ لە هیواوە سەردانی قایمقاممان کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ((یانە)) بێلایەن نیە و سەر بە فلان و فیسار لایەنە، گووتیشی (( باحیزبێک تەزکیەتان بکات تا ئێمەش مۆڵەتان بدەینێ)) بەڵام ئەندامانی یانە رازی نەبوون بە تەزکیەی هیچ حیزبێک کاربکەن چونکە ئەمە لادانە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆ و سەربەخۆیی یانەکەش پێ شێل ئەکات، بێ گومان ئەم مەرجەی کە قایمقام بۆی دانابووین لەگەڵ یاسای حیزب و رێکخراوەکاندا ناگونجێ کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە بۆیە بە قایمقاممان راگەیاند کە ئەگەر بچوکترین بەلگە هەبێت کە یانە سەر بە لایەنێکە ئێمە ئامادەی هەموو ئیجرائاتێکی یاسایین و ئەگەر هەر ئەندامێکی ئاسایشی شارەکەی پێشێل کردوە دەتوانن وەک تاکە کەسێک بانگهێشتی بکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا سازدەن. بەڵام هیچ ئەنجامێکمان دەسگیر نەبوو.

جارێکیتر ئاسایش ئاگاداری کردینەوە کە دەبێ هەر ئێستا یانە دابخەین، ئێمەش بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە ئەندامان کۆبونەوەیەکی نائاسایمان سازداو بڕیارماندا بەبێ دەنگی بڕیارەکانی ئاسایش جێ بە جێ بکەین و کەلوپەلەکان بفرۆشین و کتێبەکانیش بگەڕێنینەوە بۆ خاوەنەکانیان.

لێرەدا قسەی ئەندامانی یانە کە کۆتایی پێ هات ئێمەش بۆ ئاشکراکردنی هەڵوێستی کاربەدەستان سەردانی بەڕێز مەهدی خۆشناو قایمقامی قەزای شەقڵاوەمان کرد کە وڵامێکی لەوە زیاتری نەداینەوە(( ئێمە هەموو کاتێک ئامادەین هەر داواکاریەک ئیمزا بکەین کە مەرجی یاسایی تێدا بێت و بەپێی پێویست بۆ سەروتری خۆمانی بنێرین)).

لە کاتێکدا بیرم لە (( مەرجە یاسای )) یەکانی قایمقام دەکردەوە و (( ناکۆکی لەگەڵ ناوچە )) و ((تەزکیەی حیزبێک)) و بەندەکانی یاسای حیزب و رێکخراوەکانم دەهاتەوە یاد، بینایەی قایمقامم بەجێهێشت و تێکەل بە خەلکی ئەم شارە بوومەوە کە دەرگای یانەی رۆشەنبیریەکەیان لێ داخراوە و، لە خۆمم دەپرسی داخوا چ دەرگایەکی دیکەیان بۆ دەکەنەوە ؟؟

ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە (٢٠٧) ساڵی (٥٢) لە بەرواری ٤ی ٦ی ١٩٩٦ سێشەممەی رۆژنامەی رێگای کوردستان بڵاو کراوەتەوە، ئێمەش بە پێویستمان زانی کە دوای ئەم هەموو ساڵە جارێکیتر ئەم چاوپێکەوتنە بڵاو بکەینەوە و ئێستاش جارێکیتر پرسیار بکەین بۆچی یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوە داخرا، چونکە لەو کاتەوە تا ئێستا وڵامی ئەو پرسیارە نەدرایەوە !!!!!!!!

**یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوە**